مەهاباد قەرەداغی



# (خەیاڵی باڵا) و (خەیاڵی خاو)

(لەکۆتاییدا هیچ شتێک پیرۆز نییە،
تەنها سەلامەتی ئەقڵ نەبێ.)
ئەمرسۆن

هەموو شتێکی ئەم گەردوونە لەو وزە بێکۆتاییەوە دروست بووە  کە ناوی ڕووناکییە و، سەرچاوەکەی ئەو تۆپە ئاگرەیە کە لەو تەقینەوە مەزنەوە پژا کە پێنج ملیارد ساڵ پێش ئەمڕۆ ڕووی دا و پێی دەگوترێت بیگ بانگ ( The Big Bang). لەوەوە گەلەئەستێرەکان (Galaxies) لە گەردوون و هێدی هێدیش ژیانیش لەسەر زەمین دروست بوو. نەک تەنها مرۆڤ و گیانلەبەرەکان، بەڵکە هەموو شتێک لە گەردووندا زیندووە و سەرچاوەکەشی وزەی ئەو ڕووناکییەیە.

ڕەش و سپی هەردووکیان ڕووناکین، وەلێ سپییەکەیان وزەیەکی جوان و پاراوە و چاوی مرۆڤ گەش و دەروونی بێخەوش دەکاتەوەو،  دەیباتەوە سەر سەرچاوەی خۆشەویستی، هیوا، ژیاندۆستی و سروشتی مرۆڤانەی خۆی. بەڵام ڕەشەیەکەیان وزەیەکی بەد و تاساوە، مرۆڤ خەڵتانی بێهیوایی و ترس و گومان و بەدگۆیی دەکات. ئێمە دەتوانین خاوەنی هەردووکیان بین، هەڵبژاردن بە دەستی خۆمانە و، پەیوەستە بەو وزەیەمانەوە کە ناوی (عەقڵ) مان لێناوە. عەقڵ دەتوانێ لە ئاگاییەکی باڵاوە سروشت و بوون و دیاردەکانی هەڵسەنگێنێ، بەهەمان شێوە دەشتوانێ لە نیوەئاگاییەوە، یان لە بێئاگاییەوە پرسەکان تاوتوێ بکات و لە ئاکامدا بڕیار بدات کام جۆری ڕووناکی هەڵدەبژێرێت، ڕەش یان سپی.

خەیاڵ بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەش وزەیە، هەموو مرۆڤێکیش خاوەنی خەیاڵە، بەڵام ئەو مرۆڤەی لە سەرچاوەی ڕووناکییەکی سپیەوە بیردەکاتەوە، دەبێتە خاوەنی خەیاڵی باڵا، وەلێ ئەو کەسەی چڕبوونەوەی ڕووناکی ڕەش هزری دەبزوێنێ، دەبێتە خاوەنی خەیاڵێکی خاو. هەردوو جۆری خەیاڵ بەرهەمیان هەیە، بەڵام جۆری بەرهەمەکەیان جیاوازە و پێچەوانەی یەکترە. خەیاڵی باڵا سەرچاوەی هەموو ئەو داهێنانانەیە کە سوود بە مرۆڤ دەگەیەنن، ئەو بیرە باشانەی کە دەبن بە ئاکاری باش و پەیامی ئاشتیخوازانەیان تێدایە. خەیاڵی خاویش سەرچاوەی هەموو ئەو داهێنانەیە کە مرۆڤ بەرەو ڕقپەرستی و مەرگدۆستی و نغرۆبوون دەبات.

ئەلفرێد نۆبڵ خاوەنی خەیاڵی باڵا بوو، (تی ئێن تی) داهێنا بە هیوای ئەوەی سوود بە مرۆڤایەتی بگەیەنێت. ئەو مرۆڤانەی خاوەنی خەیاڵ و بیرکردنەوەی باڵان (تی ئێن تی) بۆ مەبەستی دروستکردنی تۆنێل و ڕێگاوبانی ژێرزەمین و ئاسانکاری لە گەیاندنی مرۆڤەکان بە یەکتر، بەکار دەهێنن. ئەوانەشی کە خاوەنی وزەیەکی ڕەشن بیر و خەیاڵی خاویان پاڵیان پێوە دەنێت (تی ئێن تی) بۆ کوشتی مرۆڤ و دابڕانیان لە یەکتری و نغرۆکردنی ژینگە بەکار بهێنن.

خەڵاتی نۆبڵ، چی دیکە نییە جگە لە وزە. وزەیەک بە نیازی هاندانی بیر و بۆچوونی باش و ئاکاری مرۆڤانە و پەیامی ئاشتیخوازانە. ئەلفرێد نۆبڵ کە نەیتوانی ڕێگە لەو کەسانە بگرێت کە بەرهەمەکەی بۆ نیازی خراپ بەکار

دەهێنن، هەموو سامانەکەی خۆی کرد بە وزە و ناوی لێنرا خەڵات، ساڵانە پێشکەش بەو نووسەر و زانا و دانایانە دەکرێت کە لە بواری جیا جیادا خزمەت بە مرۆڤ دەکەن.

نووسین وزەیە، ڕووناکییەکە لە خەیاڵەوە دەچۆڕێ و دەڕژێتە سەر لاپەڕە. خەیاڵی باڵا بەرهەمهێنەری زمانی بەرزە و لە هۆشیاری باڵاوە هەڵدەقوڵێ و پەیامی خۆشەویستی و ئاشتی دادەهێنێ و پەخشی دەکاتەوە. خەیاڵی خاویش بەرهەمهێنەری زمانی نزمە و لە نیوەهۆشیارییەوە هەڵدەقوڵێ و، پەیامی ڕق و تۆڵە و بۆڵە دادەهێنێ و پەخشی دەکاتەوە.

زیندانەکان شانۆی نومایشکردنی سەدان جۆری ئەشکەنجەن و ئەو نووسەرانەی کە لەسەر پەیامی بیر و خەیاڵی باڵایان دۆزەخیان پێ پیشان دەدرێ و کەچی هەر بەردەوامن لە نووسین. دەشێ بۆ هەندێ پرسیار بێت، ئەمانە چۆنە بەردەوام دەبن و سەرەڕای ئەوەش هەر دەنووسن؟!
دەشێ من یەکێک بم لەوانەی مافی وەڵامدانەوەی پرسیارێکی وام هەبێت، چونکە لە نێو ئەو دۆخەدا ژیام و لە دوای ئەو دۆزەخەش بەردەوام بووم لە نووسین. بەردەوامی نووسەری پاش ئەشکەنجەکان هۆی ئەوەیە کە نووسین بۆ ئەوان بریتییە لە ژیان، ژیانیش بۆ ئەوان چی دیکە نییە جگە لە پەیامێک کە ڕۆح هەڵگریەتی و جەستەش پەخشکەرەوەی. ئیسماعیل بێشکچی، خاوەنی ئەو ڕۆحەیە کە هەڵگری پەیامێکە دیوارەکانی زیندان نەیانتوانیوە ڕێ لە جەستەی بگرن بۆ پەخشکردنەوەی، بۆیە پەنجەکانی ئەو هەر بەردەوامن لە داڕشتنی بیر و خەیاڵی باڵای.

هەن پێیان سەیرە چۆن نووسەرێ ئەو هەموو جنێوەی پێ بدرێ و ڕەخنەی توندوتیژی لێ بگیرێ و چاڵی بۆ لێبدرێ و، ئەو هەموو ئاستەنگ و بەربەستەی بۆ دروست بکرێ، تەنانەت هەڕەشەی مەرگ و نانبڕینیشی لێبکرێت، کەچی هەر بەردەوام بێت و هەر بنووسێت.

دەشێ من بزانم بۆ! چونکە لەم مەیدانەشدا خوودانی ئەزموونێکی چڕوپڕم و، هەرچی گوترا و کرا، من هەر بەردەوامم و بڕیاری ناخمە کە هیچ نەبێت هەتا کۆتایی ئەم ژیانە هەر بەردەوام دەبم.
وەڵامی پرسیارەکە بۆ من سادە و سانایە، بە کوردی و کورتی چونکە بەردەوامییش هەر وزەیە و سەرچاوەکەی لە باوەڕەوەیە. باوەڕ هێزێکی بێپایانە و خوود دەگەیەنێتە ئاستی خوودا و، لەوێوە ئیدی مرۆڤ باکی بە هیچ نابێت و هەست بە ئاسوودەیی ڕۆحی خۆی دەکات و ڕۆحی بڕیاری بەردەوامی بۆ دەدات. نووسەر کە گەیشتە خوودی خۆی، دەگاتە سەرووی ترس، لەوێوە تەماشای ئاستەنگی و بەربەست و چاڵ و داڵەکان دەکات و لەپێناوی تێگەیشتندا لێیان ڕادەمێنێ ، بەڵام لە لای هیچ کامیان ڕاناوەستێ و هەموویان بەجێ دەهێڵێ و بەردەوام دەبێت لە هەنگاونان.

باوەڕ وزەیە. باوەڕی باش و ئاشتیخوازانە وەک کانییەک وایە خۆشەویستی لێوە هەڵبقوڵێ. باوەڕی وا خەرمانەیەک لە دەوری خاوەنەکەی دروست دەکات وەک قەڵغان لە شیر و تیرەکان دەیپارێزێت. تەنها خۆشەویستی هێزی ئەوەی هەیە باوەڕێکی وا دروست بکات، قەڵغانئاسا بێت. نووسەری باوەڕدار گوێ لە ناخی خۆی دەگرێ، باکی نییە لەوەی کەسانی تر چۆن دەیناسن و چلۆن دەیناسێنن. بۆیە سەرەڕای هەموو شتێک هەر بەردەوام دەبێت. باوەڕ پەرجوویەکە سەرچاوەکەی لە فەلسەفەوەیە، فەلسەفەش خەیاڵێکی زۆر چڕە، لە بەرگی زمانێکی زۆر باڵادا. لە ئاکامدا مانەوە و بەردەوامی بۆ خەیاڵی باڵایە، نەک خەیاڵی خاو.

***

2006/11/21

کوردستان